# ئایا دیاری کردنی بری مارەیی لەلایەن کچان خۆیانەوە بەمانای ئازادییان دێت؟

**سەوسەن سەلیم**

sawsan.s@ukonline.co.uk



ئەم نوسراوەی لیرەدا دەیخوێیننەوە وەلامی پرسیاریکە کەلەلایەن پەیامنیری "بلاوکراوەی کەنار" کەبلاوکراوەیەکی مانگانەیەو لەکوردستان بلاودەبیتەوە ئاراستەی من کراوە:

پرسیار:

"بەبرواى تۆ دیاری کردنی بری مارەیی لەلایەن کجان خۆیانەوە بەمانای ئازدیان دیت؟
واتا کەس و کارو بنەمالە دەستیان تییدا نەبیت"

بەشیوەیەکی گشتی مارەیەی بۆ بەستنی پەیوەندی ژن ومێردایەتی مێژوویەکی کۆنی هەیە و سەرچاوەکەشی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمانی کۆیلەیەتی ئینسانەکان ومامەلەی کرین و فرۆشتن پییانەوە لە بازاردا. مارەیی لەکۆمەلگای ئەم سەردەمەدا وەك دیاردەیەکی دزێو نیشانەیەکە لەسیستەمی بەکالاکردنی ئینسانەکان ودانانی نرخ لەسەر ئینسان، کەدیارە لەم چوارچێوەیەشدا ژنان وەك سەرچاوەیەکی لەزەت وجوانی زۆرتر لەپیاوان بەرەورووی دەبنەوە. بەلام لەم پرۆسەی کرین و فرۆشتنەی ئینساندا و لەم بەکۆیلەکردنەی ژناندا، ئەوە ئیسلام و ناسیونالیزم و فەرهەنگ و یاسا و دەسەلاتەکانیانە کەمارەیی لەسیستەمە کۆمەلایەتیەکاندا دەکەنە رێگایەك بۆ بەیاسایی کردن و شەرعیەت پیدانی ئەم کۆیلەیەتی و کرین و فۆرشتنەی ژنان، بەرادەی ئەوەی کەکۆمەلگا قبولی بکات کچان و ژنان لەپرۆسەی ئیختیاری هاوسەریاندا ببنە کالا و بفرۆشرین و بکر درێن.

بەلام مارەیی چیە؟؟؟

مارەیی نرخی کرین و فۆرشتنی ژنانە، ئەم نرخەش وەك نرخی هەرکالایەکی نێوبازار لەپرۆسەیەکی سەوداو مامەلەدا هەردوو لایەنی کریار و فرۆشیار لەسەری رێ دەکەون. بەواتایەکی تر مارەیی ئەو بەهایەیە کەپیاو دەیدات بەژن لەبری بریاردانی بۆ زەواج دیارە ئەم بەهایەش بەپێی تەمەن و جوانی، جیگای بنەمالەی ژن..و هەندی پیوانەیتر برەکەی دەگۆردریت. خۆئەگەر ئەو ژنە بێوەژن بێ ئەوا بەهاکەی دێتە خوارو وەك کالایەکی دەستی دوو مامەلەی پیوە دەکری.

لەکوردستان کەناسیونالیزمی کورد دەسەلاتدارە وئیسلام و شەریعەت سەنگینی بەسەر ژیان و یاسا و پەیوەندیە کۆمەلایەتییەکانەوە داناوە و فەرهەنگی دواکەوتوانەی عەشیرەتی و پیاوسالاری بۆتە پێوانە و خۆنەریتیکی باو لەنێوخەلکدا بەپێویست دیاردەی مارەیی لەبریاری زەواجی کچات و کوراندا دینیتە کایەوە و کچان و کورانی لاو ناچاردەکات کە مل بەم دیاردە دزێوو نامۆرڤانەیە بدەن.

بەتایبەتی کە ئیسلام نموزەجێك لەزەواج بۆ ژنان پێشنیار دەکا و ناسیونالیزم و دەسەلات و ئایدیۆلۆژیاکەشی ئەم نموزەجە لەزەواج رادەگری تا خوا و عەشیرەت و نەتەوە رازی و سەربەرز راگرێ، بەستنەوەی زەواجی کچان و کوران بەمسقالە ئالتۆنەکانی پیشەکی وپاشەکیەوە بەمانای لێ سەندنەوەی مافی بریاردانی ئازادانەی کچان و کورانە لەهەلبژاردنی ژیان و شیوەی پەیوەندی گریدانی هاوسەریتیاندا. لەکوردستان کارکردن بەیاساکانی ئەحوالی شەخصی عیراقی، هیشتنەوەی سیستەمی دادگا و قازیەکان و رەسم و ئادابیك کەبوونەتە تاپۆ لەبەردەم ژیانی ملیۆنەها ئینسانی کچاندا ئەمانەش کەریشەیان لەشەریعەتی ئیسلام و فەرهەنگی دواکەوتووانەی پیاوسالاری و عەشیرەتیدایە، سەرچاوەو هۆکاری مانەو ناچارکردنی کچانن بەم مامەلە دژی ئینسانیە. تەنانەت قسەی پرو پوچی ئەوەی کە مارەیی کۆمەك بەژنان دەکا و رێگایەك بۆ مسۆگەر بوونی دوارۆژی ژنان دەخاتەروو، ناتوانی کۆمەلگامەدەنی کوردستان لەتاوانەکانی کوشتنی شەرەف و خۆسوتاندنی ژنان رزگار بکات کەبەشیکی زۆریان لەسەر کیشەکانی زەواج و جیابوونەوە بووە و مارەیش هۆکارێك بووە لەخولقاندنی ئەم کارەساتانەدا..

بەلام مارەیی جگەلەوەی سەنگێکی قورس لەبەردەم زەواجی ژنان دادەنی و ژیانی ئەوان دەباتە نێو مامەلەیەکی ئالۆزی ئابووری و کرین و فرۆشتنەوە، هاوکات دوارۆژیشیان لەنێو زنجیروتەوقەکانی هەمان هاوکیشەدا رادەگری. نمونەی ئەو ژیانە تالەی هاوسەریتی ژنان و پیاوانێك کەم نین لەکۆمەلگای ئەمرۆی کوردستاندا کە ناگونجین و بەهۆی زۆری مارەیی‌یەوە ناتوانن دەستبەرداری یەکبن و بەدەریایەك لەسوکایەتی پێکردنی رۆژانەوە لەژیر سەقفێکدا بەئیجباری دەمیننەوە.
ژنان و کچانی لاوی کوردستان نابی بەهیچ جۆرێك و بەهیچ پێوانەیەك مل بدەن بەمارەیی و کۆت و بەندەکانی، مارەیی ئەگەر کەمبیت، یان زۆر، تەنانەت ئەگەر لەلایەن دایك و باوك و مەلاو قازی‌یەوە برەکەی دیاری بکری، یان لەلایەن کچان و ژنان خۆیانەوە، تەسلیم کردنی ژیانی ئێستاو داهاتوویانە بە کۆیلەیەتی. یانی قبولکردنی ژێردەستەیی و کۆیلەیەتی‌یە نەك ئازادی.
هیچ ژن و کچێك نابی ئەمە قبول بکاو ملی پێبدات.. دەورانی کۆیلەیەتی و بیحورمەتی کردن بەژنان تەواوبووە، ژنانی کوردستان شایەنی ئەم بەکەم سەیرکردنە نین کەلەلایەن ئیسلام و ناسیونالیستەکانەوە بەسەریاندا داسەپیندراوە. یاخی بوون لەم فەرهەنگ و ری ورەسمەی زەواج یەکەمین هەنگاوە کەدەبی لاوانی کوردستان بۆ رزگاری سەرجەم کۆمەلگای کوردستان پەیرەوی لیٚ بکەن. ئازادی زەواج بۆ هەر کچ و کورێکی بانتر لە18سال بەبیٚ دەست تێوەردانی کەس و کار، دەولەت، قازی ومەلا وسەرۆکی خێل.. مافی بیٚ ئەملاولای هەر هاولاتی‌یەکە لەکوردستان. هەلوەشاندنەوەی زەواجی ئیسلامی بەپیٚی شەریعەت ورەتکردنەوەی دانانی هەرجۆرە قەیدوبەندیك لەبەستنی ژیانی هاوسەریتی‌دا، هەروەها تورهەلدانی فەرهەنگی پیاوسالاری و دواکەوتوانە .. تەنها رێگای ئاسانکردنەوەی زەواجی کوران و کچان وهەنگاونانە بەرەو سەلماندنی مافی ئازادی زەواج . دەبی هەموو ئەو رەسم ویاسایانەی ژنان گیرۆدەی مارەیی دەکەن هەلوەشینەوە و لەجیگەیدا یاسایەك بچەسپی کە زەواجی مەدەنی بەرەسمی بناسینیت.
بزوتنەوی رادیکالی ژنان لەکوردستان دەمێکە ئەلتەناتیقی خۆی داوە، ئاسانکردنەوەی زەواج و بەستنی زواجی مەدەنی تەنها ئەلتەرناتیفە , لابردنی قانوی ئەحوالی شخصی عیراق کەئێستا لەکوردستان بەرێوە دەچیٚ سەرچاوەی مانەوی ئەم جۆرە دیاردەیە لابردنی ئەم قانونەو لەجێگەی یاسایەکی رادیکال و یەکسانخواز تەنها رێگەیە بۆ زامنکردنی مافە ئینسانیەکانی ژنانی کوردستان.
2005-2-12